# خۆشەویستترین ڕۆژووگرتن لە لای خوای گەورە؛ ڕۆژووگرتنی داوده، خۆشەویستترین نوێژکردن لە لای خوای گەورە؛ نوێژکردنی داوده، نیوەی شەو دەخەوت، وسێیەکی شەو نوێژی دەکرد، وشەش یەکی شەو دەخەوت، وڕۆژێک ڕۆژووی دەگرت وڕۆژەکەی تر دەیشکاند

لە عبدالله کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خۆشەویستترین ڕۆژووگرتن لە لای خوای گەورە؛ ڕۆژووگرتنی داوده، خۆشەویستترین نوێژکردن لە لای خوای گەورە؛ نوێژکردنی داوده، نیوەی شەو دەخەوت، وسێیەکی شەو نوێژی دەکرد، وشەش یەکی شەو دەخەوت، وڕۆژێک ڕۆژووی دەگرت وڕۆژەکەی تر دەیشکاند».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە خۆشەویستترین ڕۆژووگرتن ونوێژکردن لە لای خوای گەورە ڕۆژووگرتن ونوێژکردنی پێغەمبەر داوده -علیه الصلاة والسلام-، ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبوو وڕۆژەکەی تر دەیشکاند؛ واتە لە ساڵێکدا شەش مانگ بەڕۆژوو دەبوو، وئەم شێوە ڕۆژووگرتنە باشترین شێوازی ڕۆژووگرتنە وهەروەها هەندێک ئیسراحەت پێدانی تێدایە بۆ لاشە، داود -علیه السلام- شەوی دەکرد بە شەش بەشەوە نیوەی دەخەوت؛ بۆئەوەی بە چالاکی هەستێت بۆ نوێژکردن دوو لەسەر شەشی شەو نوێژی دەکرد وپاشان یەک لەسەر شەشی کۆتایی شەو دیسان دەخەوتەوە بۆئەوەی بە چالاکی هەستێت بۆ نوێژی بەیانی وچالاکیەکانی ڕۆژ، وئەم شێوازە لە شەونوێژکردن باشترین شێوازە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆ ئەنجامدانی.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee